**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە:١٠٢١٦ لە : ٢٠١٨/٩/٢٦**

پاڵپشت بە یاسای تەندروستی دەروونی ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٣ ماددەی چوارەم بڕگەی (دووەم) تایبەت بە دانانی پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دوابەدوای فەرمانی وەزارەتی تەندروستی ژمارە (٥٢٣٧) لە ٢٠١٨/٩/٢ تایبەت بە دامەزراندنی ئەنجومەنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان بریارماندا بەدەرکردنی پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی تەندروستی دەروونی :-

## پەیڕەوی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٨

## پەیرەوی ناوخۆی ئە نجومەنی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان

**یەکەم:** پێناسەی ئەنجومەنی تەندروستی دەروونی :-

ئەم ئەنجومەنە تایبەتە بە دارشتن و رێکخستن و بەدواداچوونی گشت کارو چالاکیەکانی تایبەت بە تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی و دانانی سیاسەتی گشتی تەندروستی دەروونی پەیرەوکراوە لە هەرێم و سەرپەرشتی و چاودێری و بە دواداچوونی لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت .

**دووەم:** پێکهاتەی ئەنجومەن :-

١- ئەم ئەنجومەنە بە سەرۆکایەتی وەزیری تەندروستی دەبێت بە ئەندامیەتی ئەمانەی خوارەوە پێکدەهێنرێت بە مەرجێك پلەی نوێنەرانی وەزارەتەکان لە پلەی بەرێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت هەریەك لە :

أ- وەزارەتی ناوەخۆ .

ب-وەزارەتی داد .

ت- وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی .

پ-وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی .

ج- وەزارەتی پەروەردە .

ح- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان .

خ- نوێنەری ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان .

د- سەرۆکی لیژنەکانی تەندروستی دەروونی لە پارێزگاکاندا .

٢- ئەنجومەن بڕیاردەری دەبێت کە پێویستە بڕوانامەی پسپۆری لە پزیشکی دەروونی هەبێت و هەڵدەستێت بە :-

أ- تۆمارکردنی کۆنووسەکان .

ب- ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتوو .

ج- ئاگادارکردنی ئەندامانی ئەنجومەن لە کاتی کۆبوونەوەکان بە جێبەجێکردنی رێکارە کارگێرییەکان بۆ بەریدی هاتوو بۆ ئەنجومەن .

هـ- ئاگاداری سەرۆکی ئەنجومەن دەکات لە ماوەی (٣) ڕۆژدا لە هاتنی و هەروەها کارەکانی ئەنجومەن بەڕێوەدەبات و لە ژێر سەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجومەن و بە یاریدەدەری چەند کارمەندێك .

**سێیەم**: کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن :-

١- ئەنجومەن مانگانە کۆدەبێتەوە یان بەپێی پێویست کۆبوونەوە دەکات لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی و دەکرێت کۆبوونەوەکانی لە پارێزگاکاندا ئەنجام بدرێت بە مەرجێك لە کۆبوونەوەکانی پێشتر پێشنیار بکرێت یان لەسەر داوای (٣/٢) ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت ئەندامانی نەهاتوو ئاگاداربکرێتەوە پێش هەفتەیەك و بەشێوەی فەرمی .

٢- کۆبوونەوەکان بە ئامادەبوونی (٣/٢) ئەندامانی ئەنجومەن کە ژمارەیان (٩) ئەندام دەبێت و لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکی ئەنجومەن ئەوا بەتەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە دەکات و شێوەی بڕیاردان بە زۆرینەی دەنگ دەبێت .

**چوارەم**: کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت :-

١- کێشەکانی تەندروستی دەروونی .

٢- ئاماری تایبەت بە کێشەی دەروونیەکان .

٣- پێشنیار کردنی ڕێگەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان و ئەو ئاستەنگانەی دێتە پێش کارەکانی ئەنجومەن .

٤- پێدانی مۆڵەت و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکان .

٥- هەواڵە کردنی کەم تەرخەم لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بۆ لێکۆڵینەوە و بە فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەن .

٦- دیراسەکردنی چۆنیەتی بەرەو پێش بردنی چارەسەری دەروونی و ئامادەکردنی هۆیەکانی و داواکردنی لە لایەنی پەیوەندیدار لە ڕێگای نوێنەری وەزارەتەکان لە ئەنجومەن .

**پێنجەم**: ئامانجەکانی :-

١- بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان .

٢- بەرگری کردن لە مافی نەخۆشانی دەروونی و بەخێوکەرەکەی .

٣- ڕێکخستن و ئامادەکردنی ئامار و زانیاری تایبەت بە نەخۆشانی دەروونی لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی لیژنەکانی دەروونی لە پارێزگاکان .

**شەشەم**: ئەرکەکانی ئەنجومەن :-

١- دانانی سیاسەتی گشتی تەندروستی دەروونی.

٢- ئامادەکردنی پلان بۆ مسۆگەرکردنی ماف و سەلامەتی نەخۆشە دەروونیەکان .

٣- سەرپەرشتی و بەدواداچوونی جێ بەجێکردنی سیاسەتی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان .

٤- دەرکردنی ڕێنمایی بۆ نەخۆشخانە و دامەزراو و نۆرینگەکانی پسپۆر لە چارەسەری دەروونی لە سەرجەم ئەو شتانەی پەیوەستن بە چاودێریکردنی نەخۆش لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت .

٥- دانانی ستاندەر بۆ بەخشینی مۆڵەتی دەرکراو لە وەزارەتی تەندروستی کە حوکمەکانی ئەم یاسایەیان بەسەردا پیادە دەکرێت .

٦- هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ دابینکردن و ئامادەکردنی بەرنامەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و حەوانەوە .

٧- هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ دابینکردنی پێداویستیە مادی و مەعنەویەکانی چاودێری کردنی نەخۆش و خانەکانی حەوانەوە .

٨- هاریکاری کردن لەگەڵ لایەنە زانستیەکان بۆ ئامادەکردنی لێکۆلینەوە و توێژینەوە لە بواری تەندروستی دەروونی .

**حەوتەم:** بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئەنجومەن پێویستە لەسەر هەموو وەزارەتەکان و فەرمانگەی پسپۆر هاوکاری تەواو بکەن لەگەڵ ئەنجومەن و یارمەتی پێویست بدەن .

**هەشتەم:**

١- ئەنجومەن بۆی هەیە پەیوەندی بکات بە لایەنی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کە کارەکانیان هاوشێوەی کارەکانی ئەنجومەنە بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەزموون و لێهاتوویان ئەویش دوای ئاگادارکردنەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

٢- ئەنجومەن بۆی هەیە میوانداری هەر پسپۆرێکی کە پێویست بێت ئەنجومەن رای وەربگرێت .

**نۆیەم :** ئەنجومەن نووسینگەی تایبەتی خۆی دەبێت و دەکرێت کۆبوونەوەکان لە وەزارەتی تەندروستی ئەنجام بدرێت .

**دەیەم:** ئەم پەیرەوە لە رێکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت .

**د. رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیــری تەندروستی**